# بنەماكانی سیمیۆلۆژیا..

نیهاد جامی

زمان ئاوێتەی سیستمی دەلالی دەبێتو لەناو ئەو سیستمەدا شوێنگەی گوتار ئاراستەی وەرگر دەكات, وەك چۆن شتە بینراوەكان لەڕێگەی كۆدی گەیاندن هەوڵی ناردنی ئاماژەی بینراو دەدەن, ئەوەش لەدەرەوەی زمان بەمانای ئاسانكاری نایەت, بەڵكو قورسییەكەی زیاترە, چونكە ئەو ناتوانێ مانا وەدەست بهێنێ, تاوەكو دەلالەتەكان نەگۆڕێتە سەر زمان، ئەوەش زمانی بینراوە كە هەوڵی بەدواندنی شتەكان دەدات. بۆیە ئەو سیستمە دەلالییەی كە زمان ئاوێتەی بووە، ئەوا لەناو زمانی شتەكاندا(بینراو) دەیانەوێ شتەكان بگۆڕن بۆ یەكێتیە دەنگییەكان, چونكە لەناو نائامادەگی موفرەدەی زمانەوانیدایە, ئەوەش گۆڕینی بۆچوونی (سۆسێر)بوو تێپەڕاندنێك بوو كە بارت لەو ڕەهەندەوە ئاماژە دەكاتە بەشێكی زمان نەك بەپێچەوانەوە. بۆیە كاتێك شتەكان وەك دالێك لەلایەن نووسەرەوە ئاراستەی خوێنەر دەكرێت, ئەوا ئەو شتانە لەڕێگەی دالەوە هەوڵی بەدواندن دەدەن, چونكە دال شتەكان لەئامرازێكی مردووەوە دەگۆڕێ بۆ ئاماژەی نازمانەوانی, كەواتە شتەكان سەرتاپایان دەبنە دال, ئەگەرچی هەندێ شتی بێ دەلالەتیش دەردەكەون كە لەوكاتەدا پرسیاری(مانای ئەو بێدەلالییە چییە)؟[1] لامان سەرهەڵدەدات. ئەو پرسیارە لەو ئاماژانەی دەیانەوێ لەدەرەوەی دەلالەتەوە دەربكەون. دیارە مەبەست لەو پرسیارە زیادەڕۆیی وەسفی نووسەرە، ئەوەش بەمەبەستی ئەگەرێتی ئیستاتیكییە بۆ وێنەكانی واقیع, تێپەڕینی زمان بەسەر مرۆڤدا زمانی(ئەو منداڵەی كە لەدونیا لەدایك دەبێ دەچێتە دونیایەكی دی كە پڕە لەزمان, مرۆڤ بوونەوەرێكی زمانەوانییە, زمان تەنها وەسیلەیەك نییە بۆ پێكگەیشتن تا بەكاربهێنرێت)[2].

چونكە زمان كاری بەوە نییە كەی دەتوانێ مرۆڤەكە بناسێ, ئەو لەڕێگەی ناسینی (بكەر)ەوە دەتوانێ گوتار ئاشكرا بكاتو سیستمێكی زمانەوانی هەرەمی گوتارێكی دیكە دابمەزرێنێت, ئەوەش فۆرمێكە بۆ ئەوەی گوتاری ئەبستراكت كراو بەرەو تیكشكاندنێك ببات كە زمان ڕێكخەرەوەی گوتارە لەڕێگەی رووخاندنی نووسراوی پێشوو كە ئەو وێرانكردنەش بەپرسیار دەستپێدەكات. پرسیار گوتاری تاكرەهەند دەكوژێت, ئەو گوتارەی بەدرێژایی زەمەن هەڵگری یەك مانا بوو, پرسیار بۆ ئاشكراكردنی ئەودیوی گوتارە, تاكو كۆمەڵێك مانا لەناو دەقدا بدۆزرێتەوە, ئەوەش ستراتیژی دەقە نووسەر لەودیو وتراوەكان حەشاری داوە,گۆڕینی ئاراستەكانی دەقە بۆ نێو جیهانێك كە(دەق فەزایەكی فرە ڕەهەندە, تیایدا نووسینی جۆراوجۆرئاوێتەی یەكدی دەبن ولەگەڵ یەكدیی هاودژدەبن, بەبێ ئەوەی هیچ یەكێك لەو نووسینانە لەوانی دی ڕەسەنتربێ: دەق پێكهاتەیەكە لە وەرگرتن لە كۆمەڵێك سەرچاوەی ڕۆشنبیری جیاجیاوە)[3]. فرە ڕەهەندیی مانا لەدەق دەبێ بەپەیوەندییەكی ئاوێتەیی نێوان كلتورەكان, ئەوانەی بەیەكدادەچنەوە, بەڵام كەسیان ڕەسەن بوونی خۆیان بۆ خۆی ناگەڕێنێتەوە, بەڵكو ئەو خاڵەی هەر كلتورێك بەیەكێكی دی دەناسێنێ زمانە. كەواتە زمان كلتورە جیاوازەكان لەناو دەق دەكاتە كۆمەڵەمانایەك كە دواجار ئەو مانایەش لەچەمكە باوەكەی دەرباز دەكات كە ئەو مەزنیە بۆ نووسەر بوو, بەڵام لەگەڵ دەركەوتنی(بارت)دا ئەو خاڵەی كلتورەكان لەسەری كۆدەبنەوە درا بە(خوێنەر). ئەوەش گۆڕینی ئاراستەیەكی مەزن بوو لەڕووی ڕەخنەوە, چونكە تا ئەو ساتەوەختە نووسەر بەچاوگەی سەرەكی دەق دادەنرا, بەڵام كاتێك ئەو ڕۆڵە بەخوێنەر دەسپێردرێ مانای وایە ڕاگەیاندنی(مەرگی نووسەر)ە. ئەو كارەش دەسەڵاتێكی تازەبوو لەدەق, كە تاكە مەدلولێك بەرهەم ناهێنێت. بەڵكو مەدلول لەشوێنگەیەكی نائارامدا دەردەكەوێت. تا مەدلول ناجێگیر بێت, دەبینە خاوەن مانای تازەتر. ئەوەش بەرەنجامی یاریكردنە بەدال تا بەرەو ڕەگی زمان بچێتە ناخییەوە. بۆیە لەئاڵوگۆڕی پەیوەندییەكانیان لەتاكتیك لەیەك دەچن, چونكە(دەق وەك زمان ناچێتە نێو بونیادێكەوە, بەڵام بونیادێكە نە ناوەندی هەیە نە داخران دەزانێ)[4].

بەواتای زمان بونیادێكە لەوێستگەیەكدا داناخرێو سەنتەرێكیش نییە كۆنترۆڵی جولەو سنوری دەسەڵات دیاری بكات, بەڵكو بونیادێكە وەك جیوە دەستگیر ناكرێت.  ئەو لەودیو دەقەوە دەردەكەوێت, بۆیە گومانكردن لەودیوی زمان تیۆری دەسەڵات وەدەستدێنێ ئەویش لەڕێگەی نووسینەوەیە كە وابێ تەنها لەڕێگەی پرۆسەی نووسینەوەیە پراكتیزەی تیۆر بۆ دەق دەكەین بۆیە نووسین پراكتیزەكردنی تیۆری دەقە. وشە دەبێت بەكەناڵی پەیوەندی شتەكانو درووستكردنی پەیوەندییەك كە زمان وەبەر شتەكان بكات, تاوەكو دواتر زمان لەودیو شتەكانەوە مانا وەدەست بێنێت, كە تیۆر هەموو ئەو پەیوەندییانە ڕێكدەخاتەوە. مانا لەناو تیۆردا لەجولەیەكی بەردەوامدایە لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەك ڕەهەندی دی بەنووسین دەبەخشێت. ئەوەش خوێندنەوەی زمانە بۆ(بۆشاییە سۆسیۆلۆژییەكان)كە وادەكات دەق لەڕێگەی دامەزراوە مەعریفییەكان بەجۆرێك لەباسێكی مۆراڵی سەیربكرێت, كە تیۆر دەق لەسەر كۆمەڵێك توخمی وەك(چێژ, میتۆد, خوێندنەوە)كۆدەكاتەوە ئەوە سەرەڕای ئەوەی كە دەق مانای هەمەچەشن بەرهەمدێنێت. كە ماناكان لەیەكتریەوە جیاوازن. جیاوازی ماناكان وامان لێدەكات دەق بەخاوەن(چەمكێكی نەمریی)سەیر بكەین, چونكە لە هەر خوێندنەوەیەكدا دەتوانێ بەرەو ئاقارێكمان بەرێت كەلە خوێندنەوەی پێشوو جیابێتەوە,ئەوەش ئاستی هۆشیاری خوێنەرە كە سنووری دەستنیشان كردنی مانا دیاری دەكات. چونكە دەق خاوەن ڕەگەزێكی قوڵی مانایەو ئەوەی هۆشیارییەكی مەزنتری لابێت ئەوە زیاتر ئیدراك بەماناكان دەكات. كەوابێ دەتوانین خوێنەرەكان لەجیاوازی كلتوردا خوێندنەوەیان لەیەك دەق بەچەند مانایەكی جیاواز بەرین. بۆیە دەقی نەمر تێكەڵی كلتورە جیاوازەكان دەبێت. تەنانەت ئەو خوێنەرەی لەدەقێكدا بەدوای مانادا دەگەڕێت, ئەو چەند مانای جیاوازە بەدەستدێنێ. زۆر دوورە لەخوێنەری كلتورێكی دی كە كۆمەڵێك مانای دی لەهەمان دەق وەدەست دێنێتەوە, ئەوەش مەزنی ئەو دەقانەیە كە لەتیۆردا پەوەندییەكانی خۆیان لەلایەن نووسەرەوە تۆكمە كردووەو لەسەر یەك ئاستی دەلالەت نەنووسراون, تا بەدوای پرۆسەی نووسینی بمرێت. چونكە دەق لەپرۆسەی خوێندنەوە لەبەردەم چەمكی(مردن/ نەمریی)دایە. ئەو دەقانەی تاكە مانایەك بۆ هەموو ئاستە ڕۆشنبیرییەكانی خوێنەران وەدەستدێنن. بەدوای نووسینەوە تەرمێكمان پێدەبەخشن, كە ئیدی بواری چێژی نووسین نادات, بەڵام ئەو دەقانەی كە خاوەن فرەمانایيە سەرباری ئەوەی دەبن بەخاوەن چەمكێكی نەمریی‌و شەڕی زیندوویی خۆی لەگەڵ تاك مانایی دەق ڕادەگەیەنێ. شەرێك كە گۆڕینی وەزیفەی نووسەرە, بوونی نووسەرە لەدەقدا ئەو گۆڕانەی بەسەردا دێت كە بوونی لەگەڵ دەستپێكردنی نووسینو خوڵقاندنی پەوەندییەكانە نەوەكو لەكوشتنی دالەكانو پێدانی مانایەك بەدەقەكەدا. ئەو كارە نەك بوونی ئەو ناپارێزێ, بەڵكە لەگەڵ دەقەكەی دەینێژێ, چونكە گریمانی دەق نەك لەوكاتەدا(چێژ)دەگۆڕێت, بەڵكو هەوڵی بارگەدانان دەدات كە ڕێگەی نەدرێت بێتە نێو دەقەوە.

ئامادەنەبوونی چێژ هۆكارێكی سەرەكی كوشتنی دەقە, چونكە چێژ لەگۆڕینی ماناو گەمەكردن بەدال توانای ڕاشڵەقاندنەوەی ماناكانی هەیە بۆ وەدەست كەوتنی دەلالەتی دیی. ئەوەش بەو واتایەی كە تیۆری دەق پارێزگاریی لەزیندوویی ئەو دەقە دەكاتو ئاماژەكانی لەناو یەك مانادا ناخنكێنێت, بەڵكو ئاماژەكان كراوەنو توانای خوڵقاندنی مانای نەدۆزراوەیان هەیە. بۆیە(بارت)سیمیۆلۆژیا بەوێنەیەكی بەرهەمهاتووی زمانەوانی دەزانێت كە توانای هەیە بەسەر شتە بینراوە نازمانەوانییەكانیش بچەسپێ, چونكە ئێمە كاتێ سەیری(سۆسێر)دەكەین كەتوانی(زمان/ ئاخاوتن)لەیەك جیابكاتەوە, ئەوا(بارت)یش هەوڵیدا لەتێڕوانینێكی دیكەوەلەو باباتە نزیك بكەوێتەوە, زمان بەو دامەزراوە كۆمەڵایەتیە دادەنێت كە سیستمێكە لەبەها, بەمانای بەشێكی گۆڕانكارییە لەزمان. لەوكاتەدا ئاخاوتن لە(زمان) دەردەكاتە دەرەوە, چونكە(ئاخاوتن)دەیەوێت بەشداریی لەو بونیادەی زمان بكات. كە زمان بەهاتنی ئەو هەست بەداگیركردنی سەربەخۆیی خۆی دەكات. بەدەركردنیش دەیەوێت ڕێسایەك لەبەهاو گەمەی زمانی كە تەواوكەری یەكدی بن, ئەوەش پەیوەندی(دامەزراو/ سیستەم)ەئەو پەیوەندییە بەدوایەك هاتووە چەمكێكی تۆتالیتارییە بۆ زمان. بۆیە ئەو كردەیەی كە سنووری

دەسەڵاتی تاك دەست نیشان دەكات ئاخاوتنە. ئەوەش هیچ مەترسییەكی بۆ پەیوەندی ئەوان نییە. چونكە هەریەك لەو دوانە بەبێ یەكتری ناتوانن پارێزگاری لەبەردەوامی خۆیان بكەن, بەڵكو پێویستیان بەجۆرێك لەئاڵوگۆڕییە. چونكە بوونی هەریەكێكیان بێ ئەو یتر جۆرێك لەناتەواوی دەدەخات.

بەردەوامیی(ئاخاوتن)لای مرۆڤیش توانی زمانەوانی لەسنووری بەرتەسك رزگار بكاتو بەرەو سیستمی فراوانتری بێنێت. بەڵام(بارت)كاتێ دەیەوێ لەیەكتریيان جیابكاتەوە, مەبەست لەكاركردنە لەناو مانادا, كە دواجار هەردووكیان سیستمی زمانەوانی پێك دێنن, بەڵام زمانەوانی هەرگیز سەرتاپای ئاماژە پێك ناهێنێت, بەڵكو ئاماژە دەبێت بەلقێك لەناو زمانەوانی, ئەوەش بەمەبەستی كەشفكردنی سیستمی پەیوەندییەكانی ئاماژەیە لەناو كەناڵی(مانا)گەیەنراوەكان. بەواتای لۆژیكی پەیوەندییەكان دەخاتە نێو پرۆسەی كەشفكردن. ئەوەش هەڵوەشاندنەوەی رەمزەكانی بەرهەمهێنەری دەقە بۆ گەیشتن بەدەلالەت. ئەوەش پێچەوانەكردنەوەی لۆژیكی ئاراستەكراوە بۆ كەشفكردنی پەیوەندییە دەستكەوتووەكانی نێو تەئویلی ئاماژەكانە. بەواتای جارێكی دی تەئویلی ئەو ئاماژانە دەكەینەوە بۆ دروستكردنەوەی سیستەمێكی تازە لەپەیوەندییو رێكخستنەوەو گۆڕینی لۆژیكی نووسین. بارت كاتێ زمان بەدامەزراوێكی كۆمەڵایەتی ناو دەبات, تەنها لەسەر (سۆسێر)ەوە كارناكات, زۆر بەهۆشیارییەوە (چەمكی دۆركایم)بۆ هۆشیاریی كۆمەڵایەتی لەپاڵ(چەمكی سۆسێر)بەكاردەخات. ئەوەش بەدوای توێژینەوەی قوڵ هاتووە, چونكە دەبێ بزانین بۆ لەناو ئەو هەمووە تەنها دۆركایم؟! دیارە سۆسێر كاریگەرییەكی زۆری دۆركایمی بەسەرەوە بووە. ئەوكاریگەرییە وای لێكرد پاشەكشەیەك لەناو زمان بكات ئەویش ئاخاوتنو رۆڵی تاك بوو. بەواتای دۆركایم گۆڕانێكی تیادروست دەكات. ئەویش گۆڕینی ئاخاوتنی تاكە بۆ هۆشیاری كۆمەڵایەتی, ئەو گۆڕانەش فرەئاستی تێگەیشتنی زمانە لای سۆسێر كە بارت بە(سیستمی بەهاكان)ناویدەبات پێش ئەویش(میرلوپۆنتی) دەیویست تەوزیفی جیاوازییەكان بكاتەوە, كاتێ كردەی سەپێنراوی بەسیستم ناودەبرد.

بارت كاتێ(دال/ مەدلول)وەك بنەمایەكی سیمیۆلۆژی باسدەكات كە سۆسێر تیایدا رەمز رەتدەكاتەوەو لەشوێنیدا پەیوەندیەكی دال دادەنێت ئەویش ناودەنێت(بەڵگە) كە فەرهەنگو دەقەكان كۆمەڵێك واتایان پێبەخشیوە, لەوانە(ئاماژە, ئەیقونە, رەمز). بەوەش مەدلول لە(رەمز)ەوە گۆڕانێكی بەسەردێت كە(بەڵگە)یە. ئەو لێكگرێدانەوەیەش بەدال لای ئەوانی دواتر هەستی پێدەكرێت. وەك لای(یالمسلیف) هەر موفرەدەیەكی زمانەوانی بۆ دوو یەكە هەڵدەوەشێنێتەوە. تاوەكو دواجار بۆ موفرەدەی تازە درووستیان بكاتەوە. ئەوەش لەلای(سۆرنسن)لەشێوەی نزیكبوونی خوێن لەوێنەی باوكو كوڕ دەهێنێتەوە. بۆیە بەشێكی زۆریان ئەو بایەخە بۆ دال دەگەڕێننەوەو مەدلول فەرامۆش دەكەن.[5] چونكە دال بەهۆی (بەڵگە)وە توانای دەستنیشانكردنی پەیوەندی خۆی هەیە بەمەدلولەوە. لەو بۆچوونە تیۆرییەوە ئەگەر پراكتیك لەسەر دەقەكانی ماركس بكەین, ئەوا بارت پێیوایە دەتوانین وەك دەقێك كە هەڵگری سیستمێكی سیمانتیكییە بخوێنینەوە, بەڵام ئەو پەیوەندییەی بەهەمان شێوەی خوێنەر بەدەقی نووسەری دی نایبینێ, چونكە لای ماركس كۆمەڵێك دەرئەنجامی سیاسی لەناو دەقدا دەردەكەون. بەڵام وەك دەقی فەلسەفی توانای بەرهەمهێنانەوەی هەیە كە بارت ئەوەی لەو دەقانەی(ماركس)دەبینێت لەدەقەكانی لینینو ترۆتسكی هەستی پێناكات. كە دیارە مەبەستی ئەوەیە سیستمی زمان لاواز دەكاتو هەوڵی لەناوبردنی دەدات. ئەگەرچی لینین دەیەوێت گوتارێكی ماركسی لەناو نووسین بنیات بنێت, بەڵام ئەوەی وایكردووە بارت بێنێتە سەر ئەو بۆچوونەی كە(شیكردنەوەی ماركس كە ئێستا یەك روانینی هەیە بۆ كاری ئەدەبی, دەكرێ روانینی مادیانەی خۆی دەوڵەمەند بكات, بەوەی بەرووی فرەییدا بكرێتەوە. ئەوە ئەگەر دەزگا ماركسییەكان رێگەبدەن).[6]

ئەوەیە كە نووسینی لای ئەوان لەناو ونبوونی سیستمی سیمانتیكییە, چونكە نووسین لەپلەی سفری گوتارەوە نەهاتووە, بەڵكو لەدەقی(وەرگیراو)ەوە دەیەوێ وێنای گوتارێك بكات. كە هەموو بەها زمانەوانییەكانی خۆی دەدۆڕێنێت. دەیەوێت زمان بەئامرازێكی ئەبستراكتی سەیر بكات. لەشوێنیدا فەلسەفەی كارلەسەركراو دووبارەكردنەوەی هەمان دەقە, تەنانەت(پەراوە فەلسەفییەكانی)لینین ئەوەی تیانییە ببێ بەدەقی سەربەخۆ, بەڵكو سەلماندنی بۆچوونە فەلسەفییەكانی ماركسە, دەیەوێت رەوانبێژی لەو وەزیفەو مانا باوەی تا كۆتایی سەدەی نۆزدەهەم پێیدرابوو دەری بكات. بەوەی ئیتر كۆمەڵە رێسایەك بەرەو رازیبوونمان نەهێنن, تا لەستراتیژدا بەدامەزراوە كۆمەڵایەتی ناوببەین, بەڵكو دەیویست رەوانبێژی لەپاڵ سۆسیۆلۆژیاوە بەدوای ستراتیژێكدا بگەڕێت, چونكە سۆسیۆلۆژیای زیاتر بەتاكتیك دەبینی, كە لەگەڵ رەوانبێژی بەدوای ئاسۆیەكی دی بەكاریان دێنن. ئەوەش لەرێگەی گەمەكردنە بەدالەكان. كە دەروازەیەكی ئازادە بۆ چوونە نێوپانتایی دەق. بەبێ ئەوەی رەچاوی‌مەدلول بكات. بۆیە(كردنەوە/ داخستن)ی دەق لەرێگەی ئەو گەمەیەوە خوێنەر كاری تیادەكات, ئەوەش(ئارەزوو)ی خوێنەرە لەكاركردن. كە بێشك(ئارەزوو)ش (چێژی)لەرێگەی ئەو گەمەیە بەئاگادێتو پلەیەكی ئۆرگازمییە. ئەوەی(فرۆید)بەلوتكەی پلەی باڵای لەزایەند دادەنێت. لەلای(بارت) ئەو پلەیە لەرێگەی نووسینەوە وەدەست دێت.

خوێنەر لەئەنجامی ئارەزووی بۆ دەقێكەوە, لەرێگەی نووسینەوە هەوڵی هەڵساندنی(چێژ)دەدات. لەوكاتەدا(خود)دەیەوێت لەگەمەكردن بەدالەكانی دەق ئارەزوو بباتە قۆناغێك كە(چێژ)بگاتە پلەی باڵا, پلەی باڵای چێژ بەرهەمهێنانەوەی دەقە. گەرانێكە لەپانتایی دەق. ئازادی ئەو گەرانە لەوەدایە كە مەدلول ناسەپێنێتە سەر گەمە ئازادەكەی. لێرەدا ئەگەر ئەدەبی سێكسی وەربگرین كە تا چەند چێژی تیا وەدەست دێت, ئەوا(بارت) جەخت دەكاتەوە سەر ئەوەی كە ئەو ئەدەبە دەقێكە بەتاڵە لەچێژی دەق, چونكە هەموو هەوڵدانەكانی بۆ ئەوەیە بگاتە مەبەستی كۆتایە لەگریمانەكانی خوێندنەوە لەرووی(مێژوو, رۆشنبیریی, سایكۆلۆژی) لەپەیوەندی زمان بەدەوورە. زیاتر مەبەستی دەستكەوتنی ئابووری بازارە[8]. كە دەقی داخراو دەدات بەدەستەوە, هەر وەك چۆن رۆمانە واقیعییەكان بەهۆی مانا دەستنیشانكراوەكان هەمان جۆری دەق دەخوڵقێنن. دەستنیشانكردنی سنوری مانا وەستاندنی خوێنەرەكە دەبێت بەرێگر لەبەردەم بەشداریكردنی لەدەلالەتو نووسینەوەی, بۆیە(دەقی كراوە)بەپێچەوانەی(داخراو)هەوڵدەدات خوێنەر بەشداربێت. بۆیە بەرهەمهێنانەوەی زۆرترین مانا لەناو دەقدا, ئەوەش ناودەنێ(دەقی نووسراو)كە خوێنەر مانای تازەی تیا دەنووسێتەوە. ئەوەی دیكەشی(داخراو)ناودەنێ(دەقی خوێنراو)كە ماناكانی جێگیرو نەگۆڕنو خوێنەر بەپێی دانانی ئەو مانا نەگۆڕانە دەیخوێنێتەوەو توانای بەشداریكردنی لەمانادا نییە. دەقی كراوە ئەوەی(بارت)ناوی دەنێ(دەقی نووسراو)دەقێكە پێویستە خوێنەر بەشداریی تیابكات بۆ نووسینەوەی مانا, ئەوەش هەرگیز(مانا وتراوەكان)نییە, چونكە ئەو جۆرە دەقە هەڵگری كۆمەڵێك(مانای نەوتراوە)كە بەرهەمهێنەری دەق لەپشت(وتراوەكان) حەشاری داوەو بواری بۆ نووسینەوەی خوێنەر فەراهەم كردووە كە بینووسینەوەی, ئەوەش گەمەكردنی خوێنەرە بەدال كە لەدەقی(خوێنراو)كراوەتە دەرەوە. كەچی لە(نووسراو)دا بەردەوام لەجوڵەدایە, دەیەوێ لەسەمایەكی بەردەوامدا بێت. وەك(خوێنەر)نییە كە بەهۆی كۆتایی پێهاتنی نووسینی(دال)ی فرێداوەتە دەرەوە. ئەوەش دەقێكە خوێنەر ناتوانێت ئینتیمای بۆ بكاتو بەدوای چێژی نووسینەوە خەریك بێت. ئەو چێژەی دەق وەڵام بەپرسیاری(بلانشۆ)دەداتەوە كە كاری ئەدەبی بەرەو كوێ دەڕوات؟ (ئەدەب بەرەو خۆی دەڕوا, بەرەو جەوهەری خۆی كە بریتییە لەنەمان)[9]. ئەو فەناكردنەی زمان لەناونووسینی چەمكی تازەگەریی دەخوڵقێنێ, بەوەی پرسیاری(ئەدەب چییە؟)ی سارتەر دەخاتە نێو پرۆسەی بیركردنەوە, نەك بەوەی تەنها پەیوەست بكات بەمێژووی نووسینی, بەڵكو دەیگوازێتەوە بۆ كایە سیمۆلۆژیەكان تاوەكو راڤەی ئاماژەكانی ئەدەب بكات. ئەوەش ناودەنێ(بوونی رەهەندی سێیەم بۆ فۆرم) بەدوای تێكەڵبوونی ئاسۆی زمانەوانیو ستوونی شێوازەكان. ئەوەش وەزیفەی پەیوەندییەكانە بۆ بەرهەمهێنانی گوتار. ئەو گوتارەی ئەفسانەیەكی ئەدەبییە لەرێگەی دەلالەتەوە كە مەعریفە خوڵقاندویەتی, بەواتای زمان ئەفسانەیەكە چیرۆكی خۆی لەناو دەق دەنووسێتەوە. بەدوای ئەوەی لە(چەمكی سۆسێر)ەوە بۆ ئاكاژە ئەفسانە وەك سیستەمێكی ئاماژەكاری دیاریدەكات بەوەی دال دەكات بەدەلالەت بۆ گوزارشتكردن,

که زمانی(مانا) زمانێکی دیکەشی هەڵگرتووە ئەویش(میتا زمان)ە. ئەوەش بەهاکەی بۆ فۆرم دەگەڕێتەوە, نەك بۆ ئەو پەیامەی کە گوتارەکەی لەخۆگرتووە بۆ مانا. چونکە نووسەر کە بەبەرهەمهێنەری مانا ناسراوە, کەچی بەلای(بارت)ەوە تەنیا ئاماژەی بەتاڵ بەرهەمدێنێت[10]. ئەوە زمانە لەناو دەق فۆرمێك دروستدەکات بێ ئەوەی قسەی لەبارەوە بکات, ئەویش خولقاندنی سیستەمە بەپێی ڕێخەرەکان بۆیە سیمۆلۆژیا لەهاتنی بۆ ناو دەقو کارکن لەتەك کاری ئەدەبی بۆ تەواوکردنی کەموکوڕییەکانی ئەدەبە وەم چۆن کارە ئەدەبییەکەش دەیەوێ کەلێنەکانی ئاماژە پڕ بکاتەوە ئەوەش لەوکاتەی کە دەق کۆمەڵە فۆرمێکی خولقاندووەو ئاماژەکان فرمانی دەسەڵات رایەڵ دەکەن. ئەو هێزەی کە دەیەوێ رەهەندێکی قووڵ بەزمان ببەخشێت ئاماژەیە, کە سیستەمو بەهاو شوناس دەق بەرەو ئاسۆیەکی روون دەبات.

زمانیش دەسەڵاتێکە سیستەمێك بەڕێوەی دەبات, بارت لەکەشفکردنی ئەو دەسەڵاتە لەپرسیاری دەسەڵات پێدراوو پێنەدراودا دەیەوێت رۆبچێتە نێو زمانەوە. بەوکارەش دەیەوێ دەسەڵات لەو چەمکە سیاسییە دەربکەینو هەست بەبوونی لەناو دامەزراوەکان بکەیت, چونکە سەپاندنی گوتار لەلایەن دەسەڵاتەوە لەناو دامەزراوەکان, بەرهەمهێنانەوەی هەمەچەشنی دەسەڵاتی زمانە کە گوتارێك بەڕێوەدەباتو دەیسەپێنێتە سەری تووشی هەڵە دێت بەپێی لادان لەسیستەمەکە. (ئەمبرتۆ ئیکۆ) لەبەرامبەر ئەو بۆچوونەدا پێیوایە کە (بارت) بۆ خوێندنەوەی ئەو باسەی کە لەکۆلێژی(دی فرانس) پێشکەشی کردووە, دەسەڵاتی بەرهەمهێناوەتەوە,(چونکە لەفەرەنسادا هیچ شتێك هێندەی وانە وتنەوە لەکۆلێژی دی فرانسو بەرهەمهێنانی زانین دەسەڵاتی فەرهەنگی نابەخشێت)[11].

دەرکردنی دەسەڵات لەتاکە چەمكێكو هێنانی بۆ ناو فرە چەمکیو ئامادەبوونی ئەو چەمکە لەناو دامەزراوەکان, گەڕانەوەیە بۆ پەیوەندی دەسەڵاتو مەعریفە فۆکۆ, چونکە(فۆکۆ)بەر لە(بارت) لەو مەسەلەیەی کۆڵییەوەو دەسەڵاتی هەر لەوە دەکرد هەڵگری زەبروزەنگ بێت, مەعریفەشی بەجۆرێکی دەسەڵات ناوبرد, کە هەر دەسەڵاتیشە دواجار مەعریفە دەخولقێنێتەوە,(ئیکۆ) ئەوەی لەبارت بەکۆمیدیا سەیری دەکات ئەوەیە مادام زمان پەیوەست بێت بەدەسەڵاتەوە, ئیدی فاشیزمی زمان یانی چی؟ کە دیارە ئەو پرسیارە ئیدراکە بەحەقیقەتو گەڕاتەوە بۆ پرسیاری(فۆکۆ) لە(ئەرکۆلۆژیای مەعریفە), چونکە کاتێ(فۆکۆ) پرسیری ئەوەی کرد کە بوونی ئێمە بەپێویستییەکە لەناو دەسەڵاتداو توانای راکردنمان نەبێت بۆ شوێنێك لەدەرەوەی دەسەڵاتی کە(بارت) بۆ ئەو پرسیرە هەوڵی ناساندنی سنووری دەستنیشانکراوی زمان دەدات, کە ناتوانێت لەدەرەوەی ئەو سنوورەوە بین, بەڵکو پێویستمان بەو شۆڕشە زمانەوانیەیە کە بەگۆڕین بۆ گوتاری ئەبستمۆلۆژی زمان دەتوانێ بەڕووی دەسەڵاتو پەیوەندییەکان بوەستێتەوە. ئەگەرچی(ئیکۆ) جارێکی دی(بارت) دەخاتە ناو رەخنەوە کە(هیچ کاتێك لەزماندا شۆڕش ڕوونادات)[12]. ئەوەش پشتبەستنە بە(فۆکۆ) بەوەی لەدەسەڵاتدا شۆڕش روونادات. ئەویش زمان وەك دەسەڵات سەیر دەکات, چونکە(ئیکۆ) لەبەرامبەر شۆڕشی زماندا کە(بارت) لەدەستەواژەکەی(مالارمێ) وەریگرتووە(گۆڕینی زمان) وایلێدێت دەبێ گومان لەو دەسەڵاتە بکەین, ئەوەش جەخت کردنەوەی(ئیکۆ)یە لەو رەخنەیەی ئاراستەی(بارت)ی دەکات, کە زمان هەرگیز توانای شۆڕشی نییە, بەواتای سنوور بەزاندنی زمان بەئەفسوس تێدەگات. کە وا دەبێت زمان لەخزمەتی دەسەڵاتدا بێ, ئەو دەبێتە رایەڵکردنی فرمانەکانی دەسەڵاتو توانای ئازادبوونی خۆی لەدەستدەدات. ئازادبوون دەبێتە ئەو چەمکەی لەدەرەوەی زمان بوونی دەبێت. (زمان)ی مرۆڤیش لەلای(بارت)ەوە داخراوە. تەنانەت لەومانی ناوەکیش بەدژی تۆتالیتاری زمان دەبینێ,س ئەوەیە ناچارمان دەکات لەناو سوڕانەوەی زمانو ناپاکی کردن لێ بمێنێتەوە, ئەوەش شەڕکردنی زمانە لەناو دەقدا. دەق لەڕێگەی نووسینەوە زمان ئەو سیستمە تێکدەشکێنێو گوتارێکی ئەبستمۆلۆژی دەخولقێنێت. ئەوەش لەسەردەستی(ژۆلیا کریستیفا)وە ئاشکراکرا. کە بەدیدێکی رۆشنی سیمۆلۆژیای هاوچەرخ دادەنرێت, زوك ئەوەی چۆن(ئیکۆ)ش هەوڵیدا بەدوای(مەرگی نووسەر)ی بارت ستراتیژێکی رۆشن بۆ دەق دەستنیشان بکات کە تیایدا خوێنەر لەدیدگایەکی دیکەوە دەسەڵات وەربگرێتەوە. بەدوای ئەوەی بنەماکان هەبوون کە بتوانرێ گەشەی پێبدرێو گۆڕانو ئیزافەی تیابکرێت.

پەراوێزو سەرچاوەکان:

1-کاریگەری واقیع-رۆلان بارت-و/ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد-برایەتی-ژ2251.
2-گفتۆگۆیەك لەگەڵ(رۆلان بارت)و/ عەبدولوتەلیب عەبدوڵلا-رێگای کوردستان-پاشکۆی ئەدەبو هونەر-ژ239.
3-مەرگی نووسەر-رۆلان بارت-و/ ئازاد بەرزنجی-سەراب-ژ3-4.
4-لەکاری ئەدەبیەوە بۆ دەق-رۆلان بارت-و/ ئازاد سوبحی- سەراب-ژ3-4.
5-مبادی فی علم الادله-رولان بارت-ترجمه/ محمد البکری- دار الشؤون الپقافه بغداد- الگبعه الپانیه1986.
6-لەکاری ئەدەبیەوە بۆ دەق- رۆلان بارت-هەمان سەرچاوەی پێشوو.
7-النقریه الادبیه المعاصره- رامان سلدن-ترجمه/ سعید الغانمی-بیروت1996.
8-گەڕان بەدوای ئەپستیمێکی شیاو بۆ نووسین- د.محەمەد بەرادە-و/ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد-رامان-ژ31.
9-فی اصول الخگاب النقدی الجدید-ترجمه وتقدیم/ احمد المدینی- بغداد1987.
10-زمان, دەسەڵات, هێز-ئەمبێرتۆ ئیکۆ-و/ یاسین عومەر-ئاینده-ژ10.
11-هەمان سەرچاوەی پێشوو.